روداوەکانی ئێران نرخی نەوتی بەرزکردەوە



هەواڵی گیانلەدەستدانی سەرۆککۆماری ئێران ئەمڕۆ لەگەڵ کردنەوەی بازاڕەکاندا نرخی نەوتی بەرزکردەوە و، گەیاندییە بەرزترین ئاستی لەم مانگەدا.

گیانلەدەستدانی ئیبراهیم رەئیسی، سەرۆککۆماری ئێران، یەکێک لە گەورە بەرهەمهێنەرانی نەوتی ئەندام لە رێکخراوی ئۆپێک، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی سەردانی شازادەی جێنشینی سعودیە بۆ ژاپۆن لەبەر نەخۆشبوونی شای سعودیە، بوونە هۆکار بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.

نرخی نەوتی برێنتی دەریای باکوور 32 سەنت بەرزبووەوە و یەک بەرمیلی بە 84 دۆلار و 30 سەنت مامەڵەی پێوەکرا، هەروەها نرخی نەوتی سووکی تەکساسی ئەمریکا پێنج سەنت بەرزبووەوە و بە 80 دۆلار و 11 سەنت مامەڵەی پێوەکرا.